# له هه‌ناوما



ڤینۆس فایه‌ق

وه‌رزه‌کانم بوونه‌ته

چوار په‌پووله‌ی شه‌که‌تی چاو به‌گرین

هه‌ناوم پڕێتی له‌ هاوار

سه‌حراکانی خۆزگه‌ی تیاپاکشاوه

ده‌ریاکانی ئاه‌و حه‌سره‌تی تێڕژاوه

باسی گریانم بۆ بکه

باسی به‌زین و رووخان

حیکایه‌تی ده‌نگ و لاوانه‌وه

به‌سه‌رهاتی ئێش و ئازار

له‌ هه‌ناوما پیرێژنێک هه‌یه

هێشتا قاره‌مانه‌کانی ئه‌م جه‌نگه‌ی نه‌خستۆته‌وه

له‌ هه‌ناوما پێغه‌مبه‌رێک هه‌یه

هێشتا چرای ره‌حمه‌تی بۆ ئه‌م مه‌مله‌که‌ته هه‌ڵنه‌کردووه

هێشتا نهێنی خودای لای که‌س نه‌درکاندووه

له‌ هه‌ناوما مێژوویه‌ک هه‌یه

هێشتا ئافاته‌کانی

ئەم دەڤەرەی نەنووسیوەتەوە
هێشتا سەرگوزشتەی کوشتنی بەکۆمەڵ و
کاڵبوونەوەی رەنگی درەختەکانی ئەم شارەی نەبیستووە

لە هەناوما ئاوێنەیەک هەیە
گوناهی شاردۆتەوە
داستانەکانی پیاوانی عەشرت
چیرۆکەکانی سیاسەت و حکومەت
بەسەرهاتەکانی خیانەت و نەفرەت

ئابێرەدا هەژدەکچیان سوارکرد و
مێژوو لێی بوو بێمنەت
ئابێرەدا گازی سیانیدیان ئەگواستەوە و
مردنیان بە دیاری ئەبەشیەوە و
دەرگاکانی ئاسمانیان بەئەنقەست لەسەر داخستین

-بۆ 18 کچە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکان بە میسر-

ئابێرەدا بەبەرچاومەوە
قافڵەکانی پاکیزەکان تێپەڕین
لەمسەر بە گوڵی ئاڵ و
بەهاری دەم بەخەندە و بوخچەکانی
پڕ لە حیکایەتەکانی کچێنی و پێکەنینەوە
لەوسەریشەوە
لە سندوقێکی پایزی زەردا
دیارنەمان و بەدەم هەورەوە رۆشتن
بە هەناوی پڕ لە خەیبەت و
سینگی لێوان لێو لە گوناهی ئاڵ
لە کۆلانەکانی فیرعەونیەکان بەجێمان

-بۆ پیاوانی کۆمەڵگا-

ئێ هەناوم پڕێتی لە قسە
پڕێتی لە زریکە
وەرزەکانم سەریان سپی بووە و
قژیان ئەوەرێ و لێویان قڵیشاوە
دەستوپلییان لەبن گۆمی شەرم و شوورەی
پیرەڵۆک بوون
وەرزەکانم شەقامیان لەبار ئەچێ و
گەڕکیان ئەسووتێ
شارەکانیشم بەشەرابی
ژەهراوی بە کفری سیاسەت
ژەهرانخواردوو هاتوون

پیاوانی شار
لە کتێبی شارا خەوتوون
لەژێر بەتانی زبر و تووکنی مێژووا
راکشاون
حاشا لە دەنگم ئەکەن
حاشا لە سەبری درێژخایەنم
بە ژنێتیم تۆمەتبارم ئەکەن

لە عەشیرەتیشا ژنێکی پیر دانیشتووە
دووعا بۆ پیاو ئەکات
ئەڵێ ئەو پیاوە پیاوە هاوار ئەکات
ئەو پیاوە پیاوە شەق ئەوەشێنێ

لە هەناوما ژنێک راکشاوە
ساڵێکیان
حەوت گوڵاڵە سوورە و

حەوت پەپوولە و

حەوت دەنک زەنگیانەی بوو

کەچی ئەڵێن هێشتا وەجاخی کوێرە

لە هەناوما شەو

حیکایەتێکی بێناونیشان بوو

بەسەرخۆشی پیاوان ئەیانفرشت

بە قاچاخچیەکانی چارەنووس

خۆریش لە دامێنی کراسەکەما

وەکوو کۆترخەوتووە

لەناوچەوانی گەڕەکەوە هەڵدێ

و لەهەناوی شیعرە برینداراکانما ئاوا ئەبێ

venus.faiq@gmail.com